**میاندواو، تیکاب و سایەنقەڵا**

شاری میاندواو کەوتۆتە باکووری بۆکان و گوندەکانی سەر بە شاری بۆکان هەتا نزیک شارەکە کشاون. رۆژهەڵاتی بۆکان تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) و باکووری رۆژهەڵاتیشی شاری سایەنقەڵا (شاهین دژ) ە، کە هەردوکیان کەوتوونەتە بەری رۆژهەڵاتی چۆمی جەغەتوو (زرینەرود).

تێکەڵاویی بۆکان لەگەڵ هەر سێ شارەکە گەلێک زۆرە. بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی تیکاپ و سایەنقەڵا کوردن و میاندواو خۆی و ژمارەیەک لە گوندەکانیشی شوێنی ژیانی کوردانن. گوندی سەراوی میسباح الدیوانی ئەدەب و گوێگجەلی سەیفولقوزات لە نزیک میاندواون. پەیوەندییەکی لە مێژینە لە نێوان دانیشتوانی بۆکان و بەتایبەت میاندواو دا هەبوە و لە سەردەمی ماننا و ئۆرارتور و مادەوە تا ئێستا چارەنووسی ئەو دوو ناوچەیە بەیەکەوە گرێ دراوە - گەرچی لە هەندێ قۆناغی مێژووییشدا کرژ و توندی لە نێوان دانیشتوانیان پەیدا بووبێت، بەڵام بە گشتی ژیانێکی هێمن و دۆستانەیان لەگەڵ یەک بردۆتە سەر.

کتێبی "نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندوآب و تکاب و شاهین دژ" بۆ زۆر لایەنی مێژوویی شار و ناوچەکە بەسوودە بەڵام بەداخەوە نووسەرەکەی - کاک جەمشید مەحبووبی، هەندێ جار لە چوارچێوەی توێژینەوەی بێ لایەن چۆتەدەرێ و دەمارگیری و رق و کینی بەرانبەر بە کورد نواندوە. سەرەڕای ئەوەش بۆ نووسینی مێژووی بۆکان کەڵکی زۆر لەم کتێبە وەردەگیرێت، بۆ نموونە، زانیاری سەبارەت بەساڵی شێخی (١٨٨٠) و سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها بەنداوی بۆکان و میاندواو، ئاورگەی شیز لە تیکاب، هۆز و ناوچەی هەوشار لە نێوان بۆکان و سایەنقەڵا و گەلێک بابەتی تر.

جمشید محبوبی، " نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندوآب و تکاب و شاهین دژ" چاپ اول، ١٣٧٠[١٩٩١]، ناشر:نویسنده،٦٢٠ صفحه، فارسی.